# كێشە سەختە كانی فرەحیزبی لەكوردستاندا

## دیموكراسیخوازان و یەكێتی نیشتمانی وەك نمونەیەك

**ئارام عەلی قەرەداخی**
Aramo.ali615@yahoo.com

ئەگەر كەسێك بەویژدانەوە سەیری كوردستان بكات , لەدورەوە كۆمەڵێك حیزبی تیابەدی ئەكات كە بایی ئەوە بێت بەفرەحیزبی ناوببرێت , بەڵام كەلە پەیوەندی نێوان ئەم حیزبانەو پارتی و یەكێتی ئەڕوانین , یاخود لە كارو شێوەی ئیشكردنی ئەم حیزبانە ورد ئەبینەوە یەكسەر بۆمان دەر ئەكەوێت ئەوەی لەسایەی حوكمەتی هەرێمی كوردستاندا هەیە فرەحیزبی نیە , بەڵكو پارتی و یەكێتی و دەستو پێوەندەكانیانە , هەر حیزبێكیش بیەوێت زیاتر لەكلكایەتی دووحیزبە زلهێزەكەی دەسڵات بڕوات , وەك حیزبی دیموكراسیخوازانی پێ ئەكەن . بەكورتی و بە كرمانجی فرەحیزبیەكەی كوردستان تا ڕادەیەكی زۆر بۆنی جاشایەتی لێدێت . بەئاشكرا لەپەیوەندیەكانی نێوان یەكێتی و شۆسیالیست , زەحمەتكێشان , دیموكراسیخوزان , رزگاری و گەلێك ناوی تر لەو دەڤەرەی سلێمانیدا كە بەخۆیان ئەڵێن حیزب گرفتی پاشكۆیەتی و دەم كوتكردن هەیە , لەو لایشەوە لەنێوان پارتی دیموكرات و حیزبی شیوعی , ئەكێتی نەتەوەی , بزوتنەوەی جوتیاران , گەلیچك تاقم و دەستەی تری سیاسی هەر هەمان كێشەی پاشكۆیەتی و سەركوت كردن و بەپارە بێدەنگكردن هەیە ..

ئەوەی مەبەستی لێكۆڵینەوەی ئەم وتارەیە پەیوەندی نێوان یەكێتی نیشتمانی و حیزبی دیموكراسیخوازانە , هەر وەها خوێندنەوەیەكی و ئەو كێشەو ئاڵۆزیانەی ئینشقاقەكەی ئەم دواییەی حیزبی دیموكراسیخوازان خستیە ڕو , چونكە ئەو گرفتانەی لە ڕاگەیاندن و بڵاو كراوەكانی دوو باڵە ناكۆكەكەی ناو دیموكراسیخوازندا نیشاندرا , نمونەیەكی باشە بۆئەوەی عەوارات و دیوە گەنیوەكەی فرەحیزبی كوردستانمان بۆبخاتە پێش چاو . بۆزیاتر ڕونكردنەوەی ئەم كێشەیە بەباشی ئەزانین هەندێك لەڕوداوەكانی كێشەكەی دیموكراسیخوازان و یەكێتی وەبیر خوێنەران بێنینەوە .

سكرتێری حیزبی دیموكراسیخوازان هاوكات سەرۆكی بەرەی گۆڕانیش ئەبێت , لەگەڵ كۆمەڵێك ڕێكخراوی ناحكومی و مەدەنیدا پرۆژەیەك ڕێك ئەخەن و پێشكەشی پەرلەمانی كوردستانی ئەكەن , پرۆژەكە بۆئەوەیە هەر كەسێك پۆستی بەرپرسیارێتی لەم وڵاتەدا وەرئەگرێت بەئاشكرا سامانی شەخسی و تایبەتی خۆی چی هەیە ئاشكرای كات , لەپێناوی ئەوەی ڕێگەی پێ نەدرێت بەشەش مانگ هێندە پارەكۆبكاتەوە بەشی نەوەی منداڵەكانیشی بكات , بەكورتی و بەكوردی پرۆژەكە داوای ئەكرد بەیاسا مەسەلەی شەفافیەتی سامان و پرۆژەئابوریەكانی بەرپرسەحیزبی و حكومیەكانی پارتی و یەكێتی ڕێكبخرێت , ئیتر هەر بەرپرسێك چەندپارەی بەحەقی خۆی یان تاڵان و دزی كۆكردۆتەوە ئەبێ یاسایەك هەبێت ناچاری بكات نەتوانێت ئەم سامانە لەچاوی میدیاو ڕۆژنامە گەری كوردی بشارێتەوە . هەر كە بەرەی گۆڕان و ڕێكخراوە مەدەنیەكان ئەم پرۆژەیان پێشكەشی پەرلەمان كرد , یەكسەر پەرلەمانتار و سەركردەكانی یەكێتی كێچ كەوتە كەوڵیان , لەجیاتی ئەوەی بەخۆیاندا بچنەوەو وەكو حیزبێكی شۆسیالدیمكرات پشتگیری لەپرۆژەیەكی وەها بكەن , كەوتنە هەوڵی لێدان و دووكەرت كردنی حیزبی دیموكراسیخوازان , لەڕێگای كادرەكانی مەكتەبی پەیوەندیە نیشتمانیەكانی یەكێتیەوە پارەیەكی زۆریان خستە گەڕ و كەوتنە ئغراكردنی ئەندام و كادرەكانی دیموكراسیخوازان بۆئەوەی بەهەرنرخێك هەیە لەسەركردایەتی و مەكتەبی سیاسی دیموكراسیخوازان دایان بڕن و

دواتریش وەکو ئینشقاقێکی حیزبی ڕوداوەکە وەسف بکەن , زیاتر لەمەیش ئەوەبوو هانی ( سامان عەلادین ) ی برازای بەهادین نوری و چەند کەسێکی تریاندا تابلێن سکرتێرو هەموو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی دیموکراسیخوازان ئستقالەیان کردووە و ئێستا ئەوان سەرکردایەتی نوێی دیمکراسیخوازانن , ئەمە گەیشتە ڕادەیەك کە بەپێی هەواڵێکی ڕۆژنامەی چاودێر کە 9 ڕۆژ دوای جیابونەوەکەی سامان عەلاو ئەوانەی وا لەیەکێتی پارەیان وەرئەگرت بڵاوکرایەوە " ئەو گروپەی یەکێتی جیای کردنەوە لەدیموکراسیخوازان چوار لەپاسەوانەکانی مقەڕی سلێمانیان کردە ئەندامی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسیان , لەکاتێکدا هەرچی پۆلیس و بوجەی دیموکراسیخوازان هەبوو ڕاستەوخۆ لەلایەن یەکێتیەوە دەستی بەسەردا گیرا . لەمانگی ڕابردویشدا هەوڵێکی زۆریاندا تانوسینگەی گەرمیانی ئەو حیزبە زەوت کەن و کەرەستەکانی بدەنە ( لاوان ئەحمەد )ناوێك کە لەو کەسانەیە وا لەیەکێتی پارە وەر ئەگرن .

تائێستایش مەکتەبی علاقاتی یەکێتی هەر بەردەوامە لە کێشە دروستکردن بۆ حیزبی دیموکراسیخوازان و هەموو ئەو نوسینگەو کادیرانەی کە لەگەڵ مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی حیزبەکەدا ماونەتەوە , لەبەرانبەریشدا ئەو کەسانەیان کە بەپارە کڕاون و ئامادەن بەو جۆرە حیزبایەتی بکەن کە لەلایەن یەکێتیەوە بۆیان دیاری ئەکرێت . هەموو پۆلیس و پاسەوانەکانی دیموکراسیخوازان یان پێ دراوەو هەموو ئەو یارمەتی و بوجەیش پێشتر ئەم حیزبە لەحکومەتی هەرێم وەری ئەگرت ئێستا هەر بەمان ئەدرێت . لێرەدا کۆتایی بەچیرۆکەکەی ئەم حیزبە دێنم , کەبەڕای من پێش ئەوەی یەکێتی بەوجۆرە بکەوێتە لێدانی , خۆی وەك هەرحیزبێکی تری ناسیۆنالیستی ساحەکە بەدەست دەیان کێشەی تەنزیمی و فکریەوە ئەیناڵاند , حیزبێك ئیدعای ئەوەبکات لەبەرەی گەل و خەڵکانی زەحمەتکێشدایە چۆن ناتوانێت هێندە ئەندامەکانی ئۆرگانیزەبکات تابە پارەی گەندەڵی یەکێتی هەڵنەخەڵەتێن .

پێشتر دیموکراسیخوازان و حیزبەهاوپەیمانەکانی لەبەری گۆڕان خۆیانیان واتەرح ئەکرد کە ئەیانەوێت ببنە بەدیلی پارتی و یەکێتی , کەچی لەبەردەم سادەترین گورزی یەکێتیدا نەیانتوانی تۆکمەیی و نەفەس درێژییان بە خەڵکی کوردستان نیشان بدەن , بەهەر حاڵ ئێمە نامانەوێت بەم نوسینە ڕێگەی گونجاوی تێکۆشان و موبارزەی سیاسی نیشانی کادیرەکانی ئەم حیزبە بدەین . ئەوەی مەبەستە ئەو سەرگەردانیە سیاسیەیە کەلەژیانی حیزبایەتی ئەم وڵاتەدا هەیە .

ئەم شێوازەی یەکێتی هەڵسوکەوتی پێ ئەکات لەگەڵ حیزبە کوردستانیەکان هەر هەمان شێوازە کۆنەکەی حیزبی بەعسە . بەعسیش هەروای ئەکرد , ئەچوو پارتی دیموکراتی کوردستانی قەدەغە ئەکرد و کادرو ئەندامەکانی ئەکوشت , کەچی حیزبێکی کارتۆنی دروست ئەکرد بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە , کادرو ئەندامانی یەکێی لەسێدارە ئەدا لەسەر ئینتمایەکی حیزبیان , کەچی پارتی شۆڕشگێڕی کوردی دروست ئەکرد , دیارە یەکێتیش ئەم هونەرەیان لەبەعسەوە وەرگرتوە , بێ ئەوەی لانی کەمی پەرەپێدان و گەشەکردنیان پێوە دیار بێت هەر وەك حەفتاکانی سەدەی بیستەم و سەردەمی ( نازم گزار ) و بەهەمان عەقلێەتەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ هیزە چەپ و پێشکەوتن خوازەکانی کوردستان ئەکەن . لەلایەکەوە دژایەتی کادرو سەرکردەکانی دیموکراسیخوازان ئەکەن و لەلایەکی تریشەوە ئەیانەوێت سامان عەلادین و کۆمەڵێك لەپاسەوانەکانی مقەڕی سلێمانی ناو بنێن حیزبی دیموکراسیخوازان ..

زۆر سەیرە هێزێکی وەك یەکێتی کە خەڵك هەمیشە بەچاوەڕوانی گۆڕان و نوێ بونەوە و دەستپێشخەری سیاسیەوە لێی دەڕوانن , کەچی بەم شێوازە هەڵسوکەوت لەگەڵ هێزە سیاسیە ئۆپۆزسیۆنە کوردستانیەکاندا ئەکات .. باشە سامان عەلادین و پۆلیسەکانی هاوڕێی کە وەفایان بۆسەرکردایەتی حیزبەکەی خۆیان نەبێت کە هەمووی هەشت مانگ پێشتر بەکۆنگرەیەکی گشتی دیموکراسیخوازان هەڵیان بژاردن ئەبێت چ وەفایەکیان بۆیەکێتی هەبێت , ئایا یەکێتی خۆی بەدەست ئەم جۆرە خەڵکە پارەخۆرو

هەلپەرستانەوە نانالێنێت , ئەی حیکمەت چیە لەوەدا 40-50 کەسی تر ئەخەنە سەر خەرمانی خەلکە پارەخۆر و گەندەڵەکانیان , ئەم جۆرە هەڵسوکەوتانە لەهەموو کاتێك زیاتر نائومێدم ئەکات لەگۆڕان و بەخۆدا چونەوە و نوێ بونەوەی یەکێتی , مادام یەکێتی گەیشتۆتە ڕادەیەك ( نەوشیروان مستەفا ) وازی لێ ئەهێنێت و ئەیەوێت بەکڕینی خەڵکانی وەك ئەو ئەندامانەی دیموکراسیخوازان جێگەکەی پڕکاتەوە کە بۆ معاشێکی 400 هەزاری لەسەرکردایەتیەکەی خۆیان هەڵگەڕا نەوە , مەحالە ئیتر کەس ڕۆژێك لەڕۆژان ڕیفۆرم بەخۆدا چونەوەی ئەم حیزبە ببینێت .. دەبێت مەکتەبی پەیوەندیەکانی یەکێتی ( کە وەك لایەنی جێبەجێ کەری پیلانەکان لەڕاگەیاندنەکانی دیموکراسیخوازاندا ناویان ئەهات ) ئەوە باش بزانێت , کەهەر کەسێك ئامادە بوو هەڵوێستی سیاسی خۆی بەپارە بفرۆشێت , هەموو کاتێك ئامادەیە حیزبی خۆی و نزیکترین دۆستی خۆی جێ بهێڵێت و بچێت بۆلای ئەو کەسانەی دوو قران زیاتری ئەدەنێ , هەر ئەمەیش بوو ك لەهەشتاکاندا خەڵکانێك ئەیانکرد و ئەدەبیاتی شۆڕش ناوی نابون جاشە خەفیفە . ئەگەر سیاسەتی یەکێتی وای لێهاتووە هەمیشە لە گەڕاندا بێت بۆ ئەوەی بزانێت لەناو چ حیزبێکدا کۆمەڵێك کەسی لاواز و مشەخۆر ئامادەن بەبڕە پارەیەکی گەندەڵی خۆیان بفرۆشن , بۆئەوەی ئەو خێرا وەك ئەوەی هەنگوێنی لەکلۆرەداردا دۆزیبێتەوە بیانکڕێت , ئەوا دوارۆژ هیچی تری لەهەگبەدا بۆهەڵنەگرتون جگە لەئاشبەتاڵێکی سیاسی و ڕێکخراوەیی و ئخلاقی , ئەوەی یەکێتی بەم سیاسەتانەی ئەیکات جگە لەئینتحارێکی سیاسی هیچی تر نیە , ئەمە چ سیاسەتێکە بە ڕاوەدو نان و مزایەقە کردنی کادرە پێشکەوتوخوازەکانی ناو باڵی ڕیفۆرم بەختیار ئەبێت و دێت بۆئەوەی لەم لاوە بەکڕینی کۆمەڵێك کادرو پۆلیسی دیموکراسیخوازان شوێنەکەیان پڕکاتەوە , ئازیزان ئەوەی ئەمڕۆ خۆی بەئێوە ئەفرۆشێت ئامادەیە سبەینێ بە10 دۆلار زیاتر جاسوسیشتان بەسەرەوە بکات . بەعس هەوڵی زۆری ئەدا تاکەسێکی بۆلەخشتە بەرێت و لەڕیزی هێزە نیشتمان پەروەر و شیوعیەکانی کوردستان و عیراقدا , کەچی ئێوە ئەمڕۆ زیاتر لەبەعسیش , ئەتانەوێت ئەوانەی وا مشەخۆری و کلکایەتیتان بۆ ئەکەن زۆرینەی هێزو حیزبە سیاسیەکان بێت . دیارە کە هەموو جارێك ئەم زۆرینە تان دەست ئەکەوێت خێرا ئینشقاقیان پێ ئەکەن , لەبەر ئەوە نیە سیاسەتەکەی ئێوە سەلیمە و ڕێکەکەیکی باشتان گرۆتۆتە بەر , بەڵکو لەبەر ئەوەیە هێندە بوارو کایەی سیاسی کوردستان تان توشی فاسدی و خراپەکاری و مشە خۆری و پارە خواردن کردووە , کەی بتانەوێت خەڵکی لەو جۆرە خۆفرۆشتان دەست ئەکەوێت , وەك ئەوەی لەناو دیموکراسیخوازاندا دەستان کەوت .

ئەوەی لەم چیرۆکە ڕوداوەی ئەم حیزبەوە بۆمان دەر ئەکەوێت ئەوەیە کە فرەحیزبی لەکوردستاندا هەر بەناو هەیە , هەر کەی حیزبە دەسڵأتدارەکانیش (بەتایبەتی یەکێتی کە بەهرەی هەیە لەئینشقاق دروستکردن لەناو حیزبەکانی تردا ) بۆیان بلوێت هەوڵی کەرتکردن و پارچەکردنی ئەدەن بەهۆی ئەو پارە زۆرەی بۆخۆیان قۆرغیان کردووە . دوا قسەیەك کە ئاراستەی ئەو کەسانەی ئەکەم تائێستایش بەدڵسۆزیەوە ئەیانەوێت کارگەریەکی باشیان هەبێت لەناو یەکێتیدا ئەوەیە کە بڵێم : هەڤاڵان لەجیاتی ئەوەی بە پارەی زۆری گەندەڵکراو و تاڵان کراوی سامانی ئەم میللەتە هەژارو بەشمەینەتە هەوڵی کڕینی خەڵکە خۆفرۆشەکەی ناو حیزبە کانی تر ئەدەن , باشتر نیە بۆخۆتان هێندە ڕیفۆرم لەخۆتاندا بکەن تاکادرە دڵسۆزە کانتان لێ دور نەکەوێتەوە . چ حیکمەتێکە بەخۆفرۆشی ناو حیزبەکانی تر جێگەی کادیرە دڵسۆز و پێگەیشتوەکانی خۆتان پڕکەنەوە .